گسکدان

ئەمجەد شاکەلي

ماوەیەکە، لە نێو تەواوي خەڵکي کورددا، باسي سیخوڕي و جاسووسي و خیانەتکاریي، کۆمەڵێك لە ئەندامە بالآکاني هەردوو زلهێزەکاني باشووري کوردستان، پارتي و یەکێتي، دەکرێت و ئەم ڕۆژنامەي کوردي، دوو ناو و ئەو سایتي کوردي سێ ناویان، لێ بڵاوەکاتەوە و کەسیش، تا ئێستا و بە تەواویي، نێوي هەموو ئەو سیخوڕانەي بڵاو نەکردووەتەوە. خەڵکاني دەڕێي حیزبەکان، زۆرجاران لەترس و جارنایش، لە بەر خاتري ئەم و ئەو، ئەو نێوانە ئاشکرا ناکەن. هەرچي هەردوو زلهێزەکەیشە، لووکەیان خستووەتە گوێي خۆیان و خۆیان لێ کەڕ کردووە و بە هیچ شێوەیەك، باس لەو مەسەلەیە ناکەن. ئەوەي لە نێو خەڵکدا باوە، ئەو نێوانە، بە هەردوو حیزبەوە، خۆیان دەدەن لە 700-800 ناوێك. من هیچ گومانم لەوەدا نییە، کە لە نێو حیزبەکاني دیکەي کوردستانیشدا، لەو جۆرە سیخوڕ و جاسووسانە هەن. یەکیەتیي نیشتمانیي کوردستان، هەر لەو دەمەوە، کە لە مۆسکۆکاني بەکرەجۆ و کەلاردا دەژیان، و نێوي 66یان لێنرابوو، حوکوومەتي عیراق، توانیبووي خۆ بترنجێنێتە نێوانەوە و گەڕایان تێدا دانێت. ئەگەر وا نییە، ئەدي ئەو هەموو لاوانەي کۆمەڵەي ذەنجدەڕاني کوردستان، چۆن بەو ئاسانییە ئاشکرا دەبوون و دەگیران و دەکوژران! هەر بە نێو یەکیەتیي نیشتماني کوردستاندا، شێخ سەتتار تاهیر شەریف و عەبدوڵوهاب تاهیر باني، کەونە سیخوڕاني بەعس، دەربازبوون و گەیشتنە هەندەران. هەر ئەو دوو زلهێزانە بوون، کە سەدان کەونەبەعسي، کەونەجاش، کەونەجاسووسیان، گرتەخۆ و ڕۆمي لەبەرچاو و بەرزیان، لە نێو حیزبەکاني خۆیان و کارگێڕییەکانیاندا دانێت! ئەو ڕەوشە، بارێکي واي ساز کردووە، کە مرۆڤ گومان لە تەواوي سەراني ئەو حیزبانە و سەرکردەیەتیي سیاسیي کورد بکات. موزەففەر ئەننەواب(مظفرالنواب) گوتەنێ:"بدأت أحاذر حتي الحیطان..."، واتە: واملێهاتووە، تەنانەت سەر لە دیوارەکانیش دەکەم/واملێهاتووە تەنانەت خۆم لە دیوارەکانیش دەپارێزم.خەڵکي کورد مافي خۆیەتي داواي ئاشکراکردني تەواوي ئەو ناوانە بکات، چونکە ئەوەي حیزبییە و سەرۆکایەتي بە دەستەوەیە، بێ کەمترین ئاگایي، لە دیرۆکي کورد، وا دەزانیت، ئەو بۆ خۆي کوردي گەیاندووەتە، ئەم قۆناغەي ئێستا. خەڵکي کورد مافي خۆیەتي، نەك تەنێ ناوي ئەو جاسووسانە بزانێت، بەڵکە هەموو ورد و درشتێکي ئەو حیزبانەیشي ئاگا لێبێت، چونکە ئەوان بە نێوي ئەو خەڵکەوە قسان دەکەن و ئەوان بە نێوي ئەو خەڵکەوە پارە و پووڵ و ساماني کوردستان، بۆ مەبەستە تایبەتییەکاني خۆیان بەکار دەبەن. سەراني کورد، تا ئێستا هەرچي دەکەن و هەرچي بە تەمان بێکەن و هەرچي دەڵێن، بێ ئاگادارکردنەوە، بێ پرس و قایلبوون، بێ ئارەزوو و بێ ڕاوێژي، خەڵکي کورد کردوویانە و دەیکەن. سەراني کورد، بۆ خۆیان وا تێدەگەن، هێندە لێزان و شارەزان، لە سیاسەت و کارگێڕي و دانوستاندندا، کە هەرگیز پێویستیان بە کەس نییە و هەموو کارێکي کە دەیکەن، هەرگیز هەڵەي تێدا نییە. خەڵکي کورد، دەبێ لەوە تێبگەن، کە سەراني کورد، بە هیچ شێوەیەك، کەمترین ڕێز و بایەخ و گوێڕایەڵییان، بۆ ئارەزوو و خواست و ئامانجەکاني ئەوان نییە و ئەوەي دەیکەن، تەنێ شۆخیکردنە بەوان. شوورەیي و شەرمە بۆ ئەو حیزبانە و بۆ سەراني کورد، ئەگەر هەرچي زووترە، نەکەونە خۆیان و ئەو جاسووس و

كةونةبةعسييانة، نةك هةر ئاشكرا كةن و دةركةن لة ذيزةكانيان، بةمكة بياندةنة دادگا و بة سزاي شايستةي خؤيانيان بگةيةنن. خةمكي كورد، ئيدي پثويست ناكات لة هيچ گوتار و كردار و ذةوتارثكي ئةو حيزبانة و سةرانيان بثدةنگ بثت. ئةو حيزبانة و سةرانيان، كة ذثزةيةك ذثزيان بؤ ميليؤن و زياتر شةهيداني كوردستان نةبثت، هي ئةوةن نةك هةر نةفرةتيان لث بكرثت، بةمكة گسكدرثن و وةك سةدداميية‌كان، بخرثنة زبدداني مثژووةوة و ماسي كورديان، لث خاوثن بكرثتةوة.

2003/10/24